هەرێمی کوردستانی عێراق
ئەنجومەنی نیشتمانیی
کوردستانی عێراق

ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق

# پرۆتۆکۆلەکان

# ٣٤

سالی/ ٢٠٠٤ – بەرگی سی و چوار

چاپی یەکەم/ سالی ٢٠٠٤

# پێڕست:


پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (٤٠) خولی گواستنەوە – پێنج شەممە ٢٠٠٤/٢/٥ ل٥

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (٤١) خولی گواستنەوە – پێنج شەممە ٢٠٠٤/٣/٤ ل٢٩

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (٤٢) خولی گواستنەوە – پێنج شەممە ٢٠٠٤/٦/١٧ ل٥٢

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (٤٣) خولی گواستنەوە – دوو شەممە ٢٠٠٤/٦/١٩ ل٨٥

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (٤٤) خولی گواستنەوە – یەك شەممە ٢٠٠٤/٧/٤ ل١٥٣

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (٤٥) خولی گواستنەوە – شەممە ٢٠٠٤/٧/٢٤ ل١٥٨

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (٤٦) خولی گواستنەوە – شەممە ٢٠٠٤/٨/٧ ل١٨١

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (٤٧) خولی گواستنەوە – چوار شەممە ٢٠٠٤/٩/٢٢ ل٢٠٩

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (٤٨) خولی گواستنەوە – سێ شەممە ٢٠٠٤/٩/٢٨ ل٢٤٥

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (٤٩) خولی گواستنەوە – سێ شەممە ٢٠٠٤/١٠/٥ ل٣٠٢

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (٥٠) خولی گواستنەوە – سێ شەممە ٢٠٠٤/١٠/١٢ ل٣٤٧

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (٥١) خولی گواستنەوە – چوار شەممە ٢٠٠٤/١١/٣ ل٣٧٣

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (٥٢) خولی گواستنەوە – چوار شەممە ٢٠٠٤/١١/١٠ ل٤٤٥

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (٥٣) خولی گواستنەوە – چوارشەممە ٢٠٠٤/١١/١٧ ل٤٧٧

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (٥٤) خولی گواستنەوە – شەممە ٢٠٠٤/١١/٢٠ ل٤٩٢

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە(٥٥)خولی گواستنەوە – پێنج شەممە ٢٠٠٤/١٢/٩ ل ٥٣٩

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (٥٦) خولی گواستنەوە – شەممە ٢٠٠٥/١/١٥ ل ٥٥٥

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە(٥٧)خولی گواستنەوە – یەك شەممە ٢٠٠٥/١/١٦ ل ٥٨٨

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە(٥٨)خولی گواستنەوە – پێنج شەممە ٢٠٠٥/٤/٧ ل ٥٩٠

المادة الاولى : تلغي الفقرة الثانية من المادة السادسة و الثلاثون.

المادة الثانية: تضاف مادة جديدة الى القانون و يتغيير تسلسل المواد وفق ذلك من المادة السابعة و الثلاثون و تقرأ كالاتي:

لمجلس الوزارء اصدار نظام بتقاعد الفنانين.

المادة الثالثة: لا يعمل باي نص يتعارض و احكام هذا القانون.

المادة الرابعة: ينفذ هذا القانون من تأريخ صدوره و نشره في الجريدة الرسمية.

د.رۆژ نوري شاويس

رئيس المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، ئەم پرۆژەیە ئاراستەی لیژنەی رۆشنبیری و یاسایی و ناوخۆ دەكەین، فەرموو.

**بەڕێز ئەحمەد شەریف:**

ئەگەر ئیجازە هەبێت بڕگەی ١٥ كورتە بیخوێنینەوە، بەلأم بڕگەی ١٤ زۆر دوور و درێژە بە دوو سەعاتیش تەواو نابێت، ئەگەر جەنابت رەزامەندی بفەرموون هەر وا رەوانەی لێژنەكان بكرێن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەڕێزان راستە ئەم یاسایە دوور و درێژە جا لەبەر وەزعی گەرما و لەبەر خاتری ئێوە نایخوێنینەوە، بەلأم چاپ كراوە و لە بەر دەستاندایە، ئەگەر رەزامەندیتان لەسەرە یەكسەر ئاراستەی لیژنەكانی دەكەین، جا تكا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەكەم كە لەگەڵ پێشنیارەكەی كاك ئەحمەد شەریفدایە دەستی بەرز كاتەوە، سوپاس، ئەو كەسەی رەزامەند نییە دەستی بەرز كاتەوە، بە گشتی دەنگ پرۆژەی یاسای وەزارەتی خوێندنی بالأ بەبێ خوێندنەوە ئاراستەی لێژنەی خوێندنی بالأ و یاسایی و دارایی دەكەین، فەرموو.

**بەڕێز ئەحمەد شەریف:**

رئاسة مجلس الوزراء

مشروع قانون

استناداً لحكم الفقرة (١) من المادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢المعدل، وبناءاً على ما عرضه مجلس الوزراء، قرر المجلس الوطني لكوردستان- العراق بجلسته المنعقدة بتاريخ      تشريع القانون الآتي:

قانون رقم(   )لسنة ٢٠٠٤

قانون التعديل الخامس لقانون مجلس وزراء  اقليم كوردستان العراق

رقم(٣)لسنة ١٩٩٢ المعدل

المادة الأولى:

تعدل المادة الثانية من قانون مجلس الوزراء لاقليم كوردستان وتقرأ كالآتي:

يعتبر المجلس أعلى هيئة تنفيذية للاقليم ويتكون من الرئيس ونوابه والوزراء.

ب- لا يجوز ان يكون لرئيس مجلس الوزراء اكثر من ثلاثة نواب.

ج_ لرئيس مجلس الوزراء إناطة ما يترأىله من مهام بنوابه في غيابه أو أثناء حضوره وفقاً للقانون.

د- يجوز لنائب رئيس الوزراء أن يشغل حقيبة وزارية أصالة أو وكالة إضافة لمهام منصبه.

المادة الثانية:

تعدل الفقرة(٢)من المادة السابعة عشرة وتقرأ كالآتي:

٢- في حالة خلو منصب الرئيس يتولى مهام منصبه من يختاره مجلس الوزراء من بين نوابه لحين تسمية رئيس جديد خلال ١٥ يوماً.

المادة الثالثة:

على مجلس الوزراء تنفيذ احكام هذا القانون.

المادة الرابعة:

ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ صدوره وينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

د.رۆژ نوري شاويس

رئيس المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەم پرۆژەیە ئاراستەی لیژنەی یاسایی و دارایی دەکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو، چی ماوە، ئەویش هەر دەدرێنەوە لیژنەکان، ئەوانە درێژن دەدرێن بە لیژنەکان، بۆیە خستمانە دەنگدانەوە، بەڕێزان زۆر سوپاستان دەکەین، دەبێت بشبوورن بەو گەرمایە ئێوەمان داناوە، ئینشائەڵلا رۆژی شەممە تەعویزتان دەکەین، رۆژی شەممە دانیشتنەکەمان سەعات (١٠) دەبێت، میوانیشمان دەبن بۆ نانی نیوەڕۆ، زۆر سوپاس، ببوورن پێشنیارێکی تر هەبوو لە حەقیقەتدا برادەران خۆیان نەیانکرد زوو چوونەوە دانیشتن، بەنیسبەت ئەو یاسایانەی کە ئێمە رۆژی شەممە موناقەشەیان دەکەین و بڕیاریان لەسەر دەدەین چاپ کراوە هەموویان لەبەر دەستتان دان، بۆ ئەوەی موناقەشاتەکە زۆر دوور و درێژ نەبێت، ئەو بەڕێزەی تێبینی هەیە لەسەر چ فەصلێك، یان لەسەر چ ماددەیەك بە نووسراو دوو رۆژی لە پێش هەیە لە دوێنێشەوە یاسایەکان تەوزیع کراون، رۆژی شەممە پێشکەش بە سەرۆکایەتی بکەن بە نووسراو، ئەو وەختە نالێین کێ تێبینی هەیە، بەس ئەو تێبینیانەی کە بە نووسراو تەقدیمان دەکرێت، پێش جەلسەکە ئامادە بێت، ئێمە ئەوانە دەخوێنینەوە بەس، بۆ ئاگاداریتان و زۆر سوپاس.

| | |
|---|---|
| **فرست أحمد عبدالله** | **د.رۆژ نوری شاوەیس** |
| **سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** |
| **کوردستانی- عێراق** | **کوردستانی- عێراق** |

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئەم پرۆژەیە ئاراستەی لیژنەکانی یاسایی و دارایی و لیژنەی شارەوانی و گواستنەوە و گەیاندن دەکەین، خاڵی حەوتەممان بریتیە لە خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای شەشەم هەموارکردنی یاسای ئەنجومەنی وەزیــران ژمــارە(٣)ی ساڵی ی ١٩٩٢ای هەموارکراو لە بەشی یەکەمی دانیشتنەکەدا، تکایە کاك شێروان پرۆژەکە بخوێنەوە.

**بەڕێز حسن عبدالکریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**باسم الشعب**

**المجلس الوطني لكوردستان العراق**

استناداً لاحكام الفقرة (١) من المادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل، وبناءاً على ما عرضه مجلس الوزراء لإقليم كوردستان العراق، قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق، بجلسته المنعقدة بتأريخ //٢٠٠٤ اصدار القانون الأتي:

**قانون رقم ( ) لسنة ٢٠٠٤**

**قانون التعديل السادس لقانون مجلس الوزراء لإقليم كوردستان**

**رقم (٣) لسنة ١٩٩٢**

المادة الأولى:

تضاف فقرة جديدة من المادة التاسعة من القانون(٣) لسنة ١٩٩٢ وكما يلي( يجوز تعين وزير أو اكثر في مكتب رئيس الوزراء).

المادة الثانية:

على مجلس الوزراء تنفيذ هذا القانون.

المادة الثالثة:

ينفذ هذا القانون اعتباراً من تأريخ صدوره وينشر في جريدة وقائع كوردستان.

رئيس المجلس الوطني لكوردستان- العراق

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئەم پرۆژەیەش ئاراستەی لیژنەی یاسایی دەکەین، هیوادارین زوو وەڵامان لێبگێڕنەوە، ئێستاش ١٥ دەقیقە پشوو دەدەین بە ئەندامانی پەرلەمان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێزان.

بەردەوام دەبین لەسەر کاروباری دانیشتنەکەمان، تکا لە دوو ئەندامی لیژنەی یاسایی دەکەم فەرموو بێن بۆ سەر سەکۆیەکە، خاڵی هەشتەمی بەرنامەی کارمان گفتوگۆ کردنە لەسەر پرۆژەی یاسای شەشەم هەموار کردنی یاسای ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو، بڕیاردان لەسەری لەم بەشەی دانیشتنەکەماندا، تکایە دیباجەکە و ماددەی یەکەم بخوێندرێتەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێش ئەوەی دیباجە و ماددەی یەکەم بخوێنینەوە، ئێمە وەکو لیژنەی یاسا کۆبووینەوەو گفتوگۆیەکی تێر و تەسەلمان کرد لەسەر پرۆژەکە، ئێمە دەقی پرۆژەکەمان پەسند کردووە، تەنها هەندێ دەستکاریمان لە صیاغەکە کردووەو مەزمونی پرۆژەکە وەکو خۆیەتی، ئێستاش دەقی ماددەی یەکەمتان بۆ دەخوێنمەوە لەگەڵ دیباجەکە.

بسم الله الرحمن الرحيم

باسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق

استناداً لاحكام الفقرة (١) من المادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل، وبناءاً على ما عرضه مجلس الوزراء لاقليم كوردستان العراق، قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق، بجلسته المنعقدة بتأريخ //٢٠٠٤ تشريع القانون الأتي:

**قانون رقم ( ) لسنة ٢٠٠٤**

**قانون التعديل السادس لقانون مجلس الوزراء لاقليم كوردستان**

**رقم (٣) لسنة ١٩٩٢ المعدل**

المادة الأولى:

تعدل المادة التاسعة من القانون بإضافة فقرة (ج) إلى نهاية المادة، وتكون كالأتي:

(ج- يجوز أن يضم مجلس الوزراء وزيراً أو اكثر في مكتب رئيس الوزراء).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسایی ئەوە تەعدیلی خۆتانە، ئەوە پێشنیاری لیژنەی یاساییە، ئەو بەڕێزانەی تێبینیان هەیە تکایە، بەڕێز کاک نیعمەت فەرموو.

**بەڕێز نعمت عبدالله پيرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەنیا تێبینیەکەم ئەوەیە (تعين وزير أو اكثر) لە نووسینگەی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، باشتر ئەوەیە بکرێت لە کاروباری ئەنجومەنی وەزیران، نازانم ئەوە واریدە لە مەکتەبی سەرۆکی وەزیران، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، فەرموو کاک ئەحمەد سالار.

**بەڕێز احمد سالار عبدالواحد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تکایە بفەرموون، ئەم پرۆژەیە، وەك بە دەنگەوە هاتنی پێداویستی ڕۆژانێك، کە دەتوانم بڵێم گەشاوترین ڕۆژانە، چونکە گرنگی هەیە لە گۆڕانکارییە گەورەکان و، لە خێراییە بۆ کات، لەبەر ئەوەی ڕووبەڕووی ئایندەیەکی نوێ دەبینەوە، دەرگایەکی فراوان والآ کراوە بەڕووی ئاوەدانەکردنەوەو هێنانەدی کۆمەڵێ ئاوات و ڕێکخستن و جوان کردنی ماڵی کورد، وابزانم بەرپرسێتییەکی گەورە دەخاتە ئەستۆی ئەنجومەنی وەزیران، لێرەدا پێویست دەکات بە ژمارەیەك لە وەزیران، کە ئەو گرنگیە و ئەو نامەو پەیامە پیرۆزەی سەردەمە لە ئەستۆ بگرین، لەبەر ئەوە هاتنی ئەم پرۆژەیە لەم کاتە بە پەلەوە هاتن و بە دەنگەوە هاتنی ڕۆژگارەکەمانە، کە گەلێك پێویستەو پشتگیریی لێ دەکەین، بەوەی کە جەنابی کاك نیعمەت فەرمووی بەهەمان شێوە خۆی ئەوە کاروباری ئەنجومەنە لە هەر بوارێکی ئەنجومەنیدا کار بکات، لەگەڵ ڕێزو سوپاسدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك حەیدەر فەرموو.

**بەڕێز حیدر اسماعیل عبدالله (مام ڕێبوار):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان.

بەپێی ئەم یاسایە کە صەلاحیەت بدرێتە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، چەند وەزیرێك دابنرێت، بەڕەئی ئێمە پێشینەکەمان هەبوو، کە لە ئیدارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆر جار ئەم حاڵەتە دووبارە بۆتەوە، چەند وەزیرێك لە ئەنجومەنی وەزیران بووە، بەڕاستی ئەمە تەنیا تەرزیەی تیایە، دەنا هیچی تری تیا نییە، بۆچی؟ چەند وەزیرێك لە مەجلیسی وزەرا چی دەکەن؟ چ وەزارەتێك بەڕێوە دەبەن؟ لە کاتێدا ئێمە چەند پرۆژەیەکەمان تەسدیق کردووە، کە ئەوانەی بە دەرەجە خاصەش دەبنە وەزیر، یەعنی سەر بە ئەنجومەنی وەزیران دەبن، ئەو موئەسەساتانەی کە بڕیاریان لەسەر دراوە، کە دائیمەن بە دەرەجە خاصە دەبێتە وەزیر، ئەمەش لەبەر هەندێ تەعین بوونی چەند وەزیرێك لە مەجلیسی وزەرا، بەبێ وەزارەتێکی دیاریکراو، بەبێ پرۆژەیەکی دیارکراو، تەنیا زیاد بوونە و تەعین بوونێکی زیادەیەو، ئەمە دەبێتە نەفەقەیەك لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان و لەوە زیاتر هیچ شتێکی تری تیا نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە دەبێت لەنێوان دوو حاڵەت جیاوازی بکەین، یەکەمیان: وەزیری کاروباری ئەنجومەنی وەزیران، کە ئەوە لە میلاکی ئەنجومەنی وەزیران هەیە ئێستا وەکو میلاکێکی دائیم، ئەوەی ئێستا داوا کراوە، ئەوە وەزیرە لە مەکتەبی سەرۆکی وەزیران، یەعنی دوو شتی لێك جیاوازن، کاروباری ئەنجومەن ئیشوکاری

ئەنجومەن بەشێوەیەکی گشتی دەکات، وەزیر لە مەکتەبی سەرۆکی وەزیران، ئەو مەهامە دەکات کە رەئیس وزەرا دەیداتێ، مەسەلەکەش مەسەلەی تەعین نییە، مەسەلەکە ئەوەیە رەئیسی وزەرایەکە ئیقتیراح دەکات بۆ پەرلەمان، لە پەرلەمان متمانەی پێ دەدرێت، دەچێت موباشەرە بە ئیشوکاری خۆی دەکات، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك د. کەمال فەرموو.

**بەڕێز کمال ابراهیم فرج شالی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەحدیدی ژمارەکە بکرێت، یەعنی چەند کەس بۆ وەزیر، چونکە بەڕاستی ئەم کێشەیە نەك بۆ دانانی وەزیر، ئەم کێشەیە خاصەتەن لە ئیدارەی سلێمانی، رەنگە لێرەش ئەو کێشەیە روویدا بێت، مەسەلەن زۆر موستەشار تەعین کران لە مەجلیسی وزەرا بووە بە (۳۰) و، بووە بە (٤٠) و، بووە بە (٥٠)، بەڕاستی هیچ ئیشیشیان نییە، یەعنی هەروەکو کاك ئەحمەد سالار و برادەران وتیان زیاتر بۆ ئەوەیە شوێن بۆ برادەران بدۆزیتەوە، بەڵام من پێم باشە تەحدید بکرێت، عەددەکە چەند بێت، پێنج بێت، شەش بێت باشترە، چونکە بەڕاستی لەوانەیە ئەو وەزیرانەی کە دادەنرێن زۆر زیاتر بن لە ئەندامانی مەجلیسی وزەرا، یەعنی تەحدیدەکە باشترە، چونکە ئێمە ناوی مودیر عاممان هەیە لە سلێمانی، تەماشای دەکەین لە محکەمە سی، چل کەس ناوی مودەعی عامە لە حاکم زیاترە، هەر بۆ ئەوەیە مەعاشیان بدەنێ و جێگایان بۆ دابین بکەن، بەڕەئی من تەحدید بکرێت باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو موقتەرەحاتەی کە هاتووە، لە جێگای خۆیەتی، چونکە رەئیسی وزەرا خۆی دەزانێ چەندی پێویستە، یەکی پێویستە، دووی پێویستە، سێی پێویستە، بۆیە نەصەکە بە مەتاتیەتی هاتووە، ئێمەش وا بە پەسندی دەزانین کە بەو شێوەیە بمێنێتەوە، ئەگەر یەکی پێویست بوو، یەکێ دادەنێین، دووی پێویست بوو، دووی دادەنێ، بەگوێرەی ئیحتیاجاتی خۆی وەزیری دادەنێ، ئەمە لێرە تەحدیدی بکەین و بیبەستینەوە، وابزانم وارید نییە، بۆیە ئێمە لەگەڵ دەقی نەصەکەین و، لەگەڵ رێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**زۆر سوپاس، فەرموو.**

**بەڕێز شێخ مزهر علی مصطفی (کاکی هیرانی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوی مەهامی وەزیری دەوڵەت چییە؟ یەعنی لەو مەوزوعە کۆمەڵێك وەزیری دەوڵەت هەر لە ئەنجومەنی وەزیران دادەنیشن، یەعنی ئەوان ئیشوکاریان چییە؟ ناکرێت هەر ئەوان لە مەکتەبی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران دەوام بکەن، لە جیاتی ئەو وەزیرانەی کە ئێستا دادەنرێن، لەگەڵ رێزم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك شەمایل فەرمووو.

**بەڕێز شمایل ننۆ بنیامین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لە لیستی مۆر تەئیدی ئەو فەقەرەیە دەکەین کە چۆن هاتووە لە تەعدیل، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك لەتیف عەبدولقادر فەرمووو.

**بەڕێز لطیف عبدالقادر صادق:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ئەو ماددەیە یەکەم (یجوز تعین وزیر أو اکثر) خۆی بەشێوەی یاسایی کابینەی وەزیران دیار بێت باشە، بەڵام دەرەجەی وەزیریش هەبێت، کە ئەنجومەنی وەزیران پێویستی پێ بێت، ئەوە شتەکە لێك جودا دەکاتەوە، ئەوجا دوو بێت، سێ بێت، چوار بێت، چەند وەزیری دەرەجەی وەزیر، نەك وەزیر، لەگەڵ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، وابزانم تەعین نییە (یجوز أن یضم مجلس الوزراء)، وا نییە، تەبیعی ئەسبابی ئەمە زۆرە، مومکینە منیش تۆزێ ئیتیلاعم هەبێت لەسەر ئەو مەوزوعە، بەنیسبەت کاروباری ئەنجومەن شتێکی مومکینە شەخصی عیلاقەی بە مەجلیسی وزەرا و رەئیسی وزەراوە هەبێت، ئەو حادیسەی کە پار لە یەکی شوبات روویدا، کە ئەو ناو بەکار نەیەت لە حەقیقەتدا، ئەو مەنصەبە لەوێ مومکینە بە وەزیرێك و دوو وەزیر پڕ نەکرێتەوە، بۆیە ئیقتیراحەکە بەو شکلە کراوەو، من تەسەور دەکەم ئەوە مورِاعات کردنی ئەو جانبە، مومکینە شتێکی باش بێت، شتێکی ئیجابی بێت، شتێکی خراپ نەبێت، تەسەوریش ناکەم ئەنجومەنی وەزیران ئیدارەی هەولێر، ئەمە خاص بۆ ئیدارەی هەولێرە، تەسەوریش ناکەم بچن هەشت نۆ وەزیر لە مەکتەبی رەئیسی وزەرا تەعین بکەن، ئەو پەڕی یەکێك، دووان تەعین دەکەن، لەبەر ئەوە پێویستیش ناکات عەددەکە تەحدید بکەین، چونکە بۆ وەزیری دەوڵەش تەحدید نەکراوە، بۆ وەزیری هەرێمیش تەحدید نەکراوە، هەر ئەوە بۆ تەوزیح، کاك ئەحمەد هیچ قسەت هەبوو، فەرمووو.

**بەڕێز احمد سالار عبدالواحد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەنها رێگە بفەرموون روون کردنەوەیەك، ئێمە ئەگەر بێتو چاوێك بە بڕیار و یاسایەکاندا بخشێنینەوە، بۆمان دەردەکەوێت کۆمەڵێك دەزگا و کۆمەڵێك شتیمان پەیوەست کردەوە راستەوخۆ بە ئەنجومەنی وەزیرانەوە، هەر ئەمڕۆ یەکێ لەوانەی کە یەکەم خوێندنەوەمان کرد، پرۆژەیەك، ئەوە فرۆکەخانەکان بوو، کارەکە رۆژ بەڕۆژ زیاد دەکات، ئەم ساڵ زیاترە لەوەی کە پار هەبووە، یان پێرار هەبووە، لەبەر ئەوە وەك پێویستییەك ئەو هەموو دەزگایانەمان پەیوەست کردەوە، دەبێت کەسانێکیش هەبێت بە پلەی وەزیر بۆ ئەو کارە، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ماددەکە دەخەینە دەنگدانەوە لەگەڵ دیباجەکە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی یەکەم پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، چوار ئەندامی بەڕێز پەسندی ناکەن، بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا، زۆر سوپاس، ماددەی دووەم تکایە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

المادة الثانية:

على مجلس الوزراء تنفيذ هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی دووەم پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، ماددەی دووەم بەگشتی دەنگ وەرگیرا، ماددەی سێیەم تکایە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

المادة الثالثة:

ينفذ هذا القانون اعتباراً من تأريخ صدوره وينشر في جريدة وقائع كوردستان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی سێیەم پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، ماددەی سێیەم بەزۆرینە پەسند کرا، هەموو مەشروع تەواو وا نییە، هەموو مەشروعەکە دەخەینە دەنگدان، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە یاسایەکە پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە هەموو یاسایەکە پەسند ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، سێ ئەندامی بەڕێز پەسندی ناکەن، یاسایەکە بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، زۆر سوپاستان دەکەم، ئەوەش بخەمەوە بیرتان ئەم یاسایە بۆ ئیدارەی هەولێرە، بۆ ئیدارەی سلێمانی نییە، ئێمە لە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان موحاوەلەمان کردووە، تا ئێستا موڕاعاتی هەردوو ئیدارە بکەین، بەپێی پێویستی و، بەپێی موحتاجات، مومکینە لە سلێمانی تۆزێ جیاوازی هەبێت و، پێویست بە شتێك ببێت، مومکینە لە هەولێر پێویست بە شتێکی تر بکات، بۆیە ئەو موڕاعاتانەمان کردووە، مەسەلەن ئەو ئیشەی ئەمڕۆ کردوومانە، دنیایەك موڕاعاتی تیا هەبووە، زۆر سوپاستان دەکەم، جەلسەکەش تەواو بوو.

| | |
|---|---|
| **فرست أحمد عبدالله** | **د.رۆژ نوری شاوەیس** |
| **سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانی** | **سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی** |
| **کوردستانی عێراق** | **کوردستانی عێراق** |